# تیڕوانینی سێهەم لە بازاڕ و بەرهەم ..

موحەمەد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

بڕواو متمانە روو لە کزی بوو بازاڕ دەشێوێ.. قازانج بوە تەماع راستگۆیی لە پەیوەندیكان و چۆنایەتی لە بەرهەم نامێنێ بەدی وفڕ و فێڵ و مل شكان و پاشقوڵ گرتن و دارزانی بەهاكان جێیان دەگرێتەوە، پاساوی بێ سەرەو بەرەش دەكرێتە رەهاندنی گەشتن بە ئامانج، لەو حاڵ و بارەشدا جوداكاریەكان زۆر دەبن و ناكۆكیكان قوڵتر و بێزاریەكان ئۆقرە گیر نابن.

مرۆ تەشقەڵەی دێت بەو دروستاندنەی دەكرێتە خۆشجڵەوی سستی گۆڕانكاریەكان و زەق بوونەوەی جوداكاریە نەیارەكان، زۆر دەگوترێت : ناكرێت لە ماوەیەكی كەمدا كار و بەرهەم و پەیوەندیەكان و خۆ رێكخستن بگاتە ئاستی ئەمڕۆی كۆمەڵگە پێشكەوتوەكان، ئەوان ساڵانێكی زۆر خەباتیان بۆ كردوە و باجیان بۆ داوە، وەلێ گەلی براینە ئەوان لە نەبونی ئەزمونی خۆیان و هەتا دەرەك بە خۆشیان زۆریان پێچووە.. ئەمڕۆ هەر كۆمەڵگەیەك بیەوێ گۆڕانكاری پێشكەوتن بەسەر خودی خۆیدا بهێنێ باشترین ئەزمونی ئەوانی لە بەر دەستدایە .. دەكرێت قازانج و زیانی رەوتی گەشەكردنەكەی ئەوان بكاتە داینەمۆی خێراتر كردنی گۆڕانكاری لای خۆیی و بە ماوەكی كورت تر ببڕێت . ئەوان لە دوی رەوش و ژیانێكی خۆشتر و چاكتر گەڕاون و ماندووش بوون پێوەی ، بوشنەتە نمونەیەكی زیندو بۆ گۆمەڵگەیەكی تر كە بیەوێت گەشە و پێشكەوتن بە خۆیەوە ببینێت، جەنگی جیهانی دووهەم لە كۆمەڵگەی هۆڵەندیدا تەواوی دام و دەزگا و زۆربەی بینا وئامرازەكانی بەرهەم هێنان خاپور كران.. تەواوی پەیوەندیەكان لێك ترازان لە دەم هێرشی ئەڵمان و داگیركردنیدا.. هێزی مرۆیی نەما .. پیاو قڕان بوو، ئەمڕۆ دەبینرێت لە هەندێك شوێندا وەك هێمای پەرۆش بوون و خۆ سازدان وێنەی ئەو پیرەژنانە دانراوە كەلە كەم پیاویدا خۆیان هەڵواسیوە بە پشتی ئۆتۆمبێلی خۆڵەكانەوە و سەرقاڵی پاكژ كردنەوەی وولاتەكەیانن.. قرە پیاو سەدان هەزار كرێكاری لە توركیا و مەغریبەوە هێنایە هۆڵەندە تا لە بری كرێ بەشداری لە كاری بیناسازی و بەرهەم و بازاڕگەرمیدا پێ بكەن، خۆ كۆمەڵگەی كوردی هێزی دەستی كاری زۆرە و زۆر لە ئامرازەكانی تری بەرهەم هێنان ساز و ئامادەن گەر گەندەڵی و مشەخۆری هەندێك بوار برەخسێنێت. تا ئێستا دیاردە كۆمەلایەتیەكان لای هەندێكی بەدەسەلات نیشانەی سیستەمی ئاغایەتی و شێخایەتیە.. وەزیر و دەسەڵاتدار دەبێت دەست و پێوەند و رەعیەتی هەبێت ، دەست و پێوەندەكان لە بنچینەدا هێزی دەستی كارن و كراونەتە مشەخۆرێكی بێ بەرهەم .. چ كەڵكێكیان نیە لە رەوتی گۆڕانكاریەكاندا و لە خەڵكانێكی ماند و یا ئیشكەر سودمەند ترن، ئەوە وێنەیەكە لە جودا كاریەكان، بێزار بونیش بەرامبەر بەو جۆرە جوداكاریانە و جوداكاریەكانی تر لە تێگەشتنێكی كەم بینیەوە نەهاتووە، خوێندنەوەی دروستیش بانگەشەی وەلاوەنانی هەموو رولەتكاریەكان ناكات ، تا هەموان لە یەك جۆر تەلار دا بژین و یەك جۆر ئۆتۆمۆبیلیان هەبێ و یەك جۆر پۆشاك لەبەر كەن و یەك جۆر خۆراك بخۆن .. راستیەت لەیەك جۆر و لێكچونێكی رەهادا نابێت .. هیچ نەبێ سروشت و ئارەزوی كەسیی جیاوازكاری تێدایە، نارەزاییەكان لە جۆری پەیوەندیەكان و بەرنامە و جێبەجێ كردنیاندایە.. جیاوازیەكان لە لە بواری چالاكی بازاڕ و مافە گشتیەكاندایە .. با شتەكان سەقەت راڤە نەكرێن رێچكەی دروستی خۆی بگرێت، ئەتەكیەتی وەزیرێك لە كاردا پۆشاكێك لەخۆ دەگرێت رەنگە جودا بێت لەگەڵ پۆشاكی كرێكار

یان جوتیارێك لە کارەکەیدا (چەپێکی توندڕەویش ئەمەم لێ بەهەند نەگرێت و پێچەوانە راڤەی بکات) وەلێ دەکرێت سەرۆك دەزگایەك و کرێکار یا خزمەتگوزارێك لەیەك شوێنی تایبەتی دەزگاکەدا خۆراك پێکەوە یان نزیك یەك بیخۆن .. دەکرێت پلەداریێ مرۆ بۆ کار و پێداویستی خۆی بەکارنەهێنێ .. دەکرێت دامەزراندنی پرۆژەیەکی بازرگانی یا پیشەسازی پڕ سود چون یەك بە هەموان رەوا ببینرێت .. دەکرێت مونافەسەی بازاڕەکان هەمیشە لە خزمەتی بەرزبونەوەی نرخی پرۆژەی یەکسەری یا نا یەکسەری دەسەلآتدردا نەبێت .

لە سەرەتادا ووتومە بڕواو متمانە روو لە کزی بوو بازاڕ دەشێوێ ، باسێکیان بۆ گێڕامەوە لە خاوەن بێ بەرژەوەندێکەوە گوایە بڕێکی زۆر ( مریشك ) بەڕەزامەندی دەزگا پەیوەندیدارەکان هێنراوەتە کوردستانەوە ، دیارە ئەم برە زۆرە کاری لەسەر دابەزینی نرخ دەبوو ، لە پشکنینی چاودێری تەندروستیدا سەلامەت دەرنەچووە ، بڕیاری سوتاندنی دراوە، پێدەچێت بڕیاری سوتاندنەکە بڕیارێکی دروست بێ و لە بەرژەوەندی پاراستنی ژیانی هاولآتیدا بێت ، وەلێ لە کەم بڕوایی و ئالۆزی پەیوەندیەکانەوە ئۆبالێ سوتاندنەکە نراوەتە گەردنی ئەو خاوەن پرۆژەی مریشکە یەکسەری یا نایەکسەریانەی پێیان وابووە خستنە بازاڕی ئەم برە مریشکە نرخ دادەبەزێ و زیان لە قازانجیان دەدات ، هەر بۆیە لە رێی دەسەلآت و پەیوەندیە تایبەتمەندیەکانەوە بڕیاری سوتاندنەکە دراوە. !.